# ئافرەتان بۆ دەستەبەری یەکسانیی رەگەزی نیازیان بە رێنەسانسێک هەیە

له هەزارەی سێیەمدا هەنگاوەکان بە ئاراستەی سیستەمی مرۆڤسالارین و هەر بزافێک لە بەرامبەر ئەو سیستەمەدا بوەستێت، شکست دەهێنێت، بێگومان کاتێک هەردوو چەمکی (پیاوسالاری و ژنسالاری)یش دەخرێتە نێو خانەی (مرۆڤ سالاری)یەوە، ئەوا بۆ نەهێشتنی جیاوازییەکان و دەستەبەرکردنی یەکسانی رەگەزی، بەتایبەتی لە وڵاتانی نەریتیدا ئافرەتان نیازیان بە رێنەسانسێک هەیە. هەر لەو بارەیەوە بەشداربووانی ئەم راپۆرتەی گۆڤاری گوڵان راو سەرنجی خۆیان لەو بارەیەوە دەخەنەڕوو.

گوڵان: کۆمەڵایەتی



«لە پێش هەموو شتێکدا بۆ چەسپاندنی یەکسانیی رەگەزی پێویستە لە کلێشەی مافەکانی مرۆڤدا بە شوێنیدا بگەڕێین و بە هەردوو رەگەزەوە لە دژی جیاوازی رەگەزی خەبات بکەین، هەر ئەوەش کرۆکیی بەختەوەری و ئاسوودەیی هەر کۆمەڵگەیەکە». ئەوە دەستپێکی قسەکانی (هێڤی جۆڵا) بوو. ئەو خاتوونە وەك کەسایەتییەکی ئەکادیمی و یاساناس باسی ئەوە دەکات کە سەقامگیری و بەرزبوونەی ئاستی ئابووری و بەرجەستەکردنی شارستانییەتی هەر کۆمەڵگەیەك پەیوەستە بە هاوبەشی پێکردنی هەردوو رەگەزەوە، بۆ ئەوش بە پێویستی دەزانێت (دەسەڵاتی تەشریعی) بە دانانی یاسا کۆسپەکانی بەردەم یەکسانی رەگەزی تێکبشکێنێت و دەسەڵاتی تەنفیزی لە جێبەجێکردنی سڵ نەکاتەوە و دەسەڵاتی چوارەمیش وەك میدیا بە چڕی چاودێری بکات و لەو بوارەدا زانیاری تەواو بە تاکی کۆمەڵگە بدات و هوشیاری بکاتەوە».

گوتیشی: «ئەگەر پیاوان لەکۆمەڵگەی ئێمەدا هۆشیار بوونایە و بڕوایان بە مافی مرۆڤ بووایە، دەبوو ئێستا کۆمەڵگەیەکی زۆر تەندروست و دوور لە توندوتیژی خێزانی و دوور لە کوشتنی ئافرەتمان هەبووایە».

رۆڵی ئەرێنیی ئافرەت لە گەشەی هەر کۆمەڵگەیەکدا شتێکی سەلمێندراوە و لە هەر کۆمەڵگەیەکی مۆدێرنیش جێپەنجەی ئافرەتانی کارامە دیارە، بەڵام لە زۆر وڵاتی دواکەوتوودا بە کوردستانیشەوە، نەك بایەخێکی ئەوتۆ بە توانا و کارامەیی ئافرەت نەدراوە، بگرە نەریتسالاری لە سەردەستی پیاوان وایکردووە، تەنانەت رێگری لە بیرکردنەوەی ئافرەت بکات، ئافرەتێك کە بیرمەندن بە «بەشە زیندووەکەی کۆمەڵگە» پێناسەیان کردووە، ئەوەندەیان کۆسپ و تەگەرە لە



**ئافرەتان خۆیان دەبێت بە پشتیوانی یەکتر بزاڤێک ڕێکبخەن، تا بە پیاوانی کۆمەڵگەی خۆمانی بسەلمێنن کە هیچیان لەوان کەمتر نییە و تەنانەت لە بڕیاری سیاسیشدا دەتوانن ڕۆڵی کاریگەریان هەبێت**

**بۆ چەسپاندنی یەکسانیی ڕەگەزی پێویستە لە کلێشەی مافەکانی مرۆڤدا بە شوێنیدا بگەڕێین و بە هەردوو ڕەگەزەوە لە دژی جیاوازی ڕەگەزی خەبات بکەین**

**هیچ سیستەمێکی نێرسالاری و نەریتسالاری بە فەلسەفەی حوکمڕانی بە یەکسانی ڕەگەزی پابەند نابێت، ئافرەتانی ئێمەش گیرۆدەی ئەو سیستەمەن**

بەردەمیدا سازکردووە، کە نەتوانێت بە ئاسانی لە گشت جومگەکانی کۆمەڵگەدا بەشدار بێت. ئەوەش بە مانەوە لە بازنەی دواکەوتوویدا هەژمار دەکرێ، کە زیانی زۆری بە گەشەکردنی کۆمەڵگە گەیاندووە.
ئالان لەشکری توێژەری کۆمەڵایەتییە و سەبارەت بە هەمان پرس دەڵێت: «هەر کاتێك ئافرەت لە هەر کۆمەڵگەیەکدا لە دەسەڵاتدا جێگەی بۆ کراوەتەوە، ڕۆڵی زۆر باشی بینیوە و ئەو کۆمەڵگەیە کەشێکی ئارامتری بە خۆیەوە بینیوە، لە هەرێمی کوردستانیش بە هەوڵی ئافرەتانی هۆشیار یاسای توندوتیژی دەرکرا و یاسای باری کەسی هەموار کرایەوە، بەڵام ئەوە کۆتایی هەموو شت نییە و ژنانی کورد بۆ گەیشتن بە مافەکانیان و نەهێشتنی جیاوازە ڕەگەزییەکان خەباتێکی دوور و درێژیان لە پێشە و خۆیان دەبێت بە پشتیوانی یەکتر بزاڤێك ڕێکبخەن، تا بە پیاوانی کۆمەڵگەی خۆمانی بسەلمێنن کە هیچیان لەوان کەمتر نییە و تەنانەت لە بڕیاری سیاسیشدا دەتوانن ڕۆڵی کاریگەریان هەبێت».
ئەندازیار چیا حەسەن سەرەتا باسی ئەوە دەکات کە «هیچ سیستەمێکی نێرسالاری و نەریتسالاری بە فەلسەفەی حوکمڕانی بە یەکسانی ڕەگەزی پابەند نابێت، ئافرەتانی ئێمەش گیرۆدەی ئەو سیستەمەن کە هەتا ئێستا کۆت و بەندی کردوون و بە دەگمەن لەچوارچێوەی دیوارەکانی ماڵەوە دەردەچن و کەمتر تێکەڵ بە چالاکییە مەدەنی و سیاسییەکان دەبن». گوتیشی: «پێویستە هەوڵی جددی بدرێ بۆ ئەوەی سیاسەتی هەرێمی کوردستانیش بەرەو مرۆڤسالاری هەنگاو بنێت و ئەو سیاسەتەش بەرپرسیارە لە هۆشیارکردنەوەی تاکەکانی کۆمەڵگە بۆ نەهێشتنی جیاوازی ڕەگەزی».
زۆربەی بیرمەندان و چالاکانی بواری مافی مرۆڤ جگە لە هەوڵەکانیان بۆ نەهێشتنی جیاوازی ڕەگەزی، ئاوڕێکی بەرچاویش لە تایبەتمەندییەکانی ئافرەتان دەدەنەوەو بە پێویستی دەزانن گۆڕەپانی سیاسی و کۆمەڵایەتی بۆ کاراکردنی خانمان هەموار بکرێت. زۆر توانای ئەرێنی لە کارەکتەری ئافرەتدا خۆی حەشار داوە کە پێویستە ئەو کارامەییانە ئەکتیڤ بکرێن. بەشداری ئافرەتیش لە کایەی سیاسی و کۆمەڵایەتی هۆکارێکە بۆ پەروەردەکردنی نەوەیەکی هۆشیار و جیهانیش ئەوەی تاقیکردۆتەوە و سەلمێندراوە کە ئەو ئافرەتانەی لە پۆستە باڵاکاندا کاردەکەن، وێنەیەکی جوانیان لە دەسەڵات پێشکەش کردووە و تەنانەت زیاتر لە پیاوان توانیویانە لە کێشەکان تێبگەن و چارەسەری بکەن.
سالار ئەحمەد وەك میدیاکارێك رایوایە: «پرسی مافی مرۆڤ بەگشتی و ئافرەتان بەتایبەتی لە کۆمەڵگەی ئێمەدا گۆڕانکاری زۆری بەسەرداهاتووە، بەڵام ئەو هەنگاوانەی کە بمانکاتە کۆمەڵگەیەکی پێشکەوتوو، زۆر سستن». جەختیش لەوە دەکاتەوە کە «پێویستە لە تێڕوانینی کۆمەڵگەدا بەرامبەر بە ئافرەت ریفۆرم بکرێ»، گوتیشی: «ئافرەتان بۆ دەستەبەری یەکسانیی ڕەگەزی نیازیان بە ڕێنەسانسێك هەیە و پێویستە پرۆگرامەکانی خوێندنیش لە هەرێمی کوردستان بە ئاراستەی پێگەیاندنی کەسایەتی و برەودان بە تواناکان و پەروەردەکردن و فێرکردن و هاندانی بەشداری زیاتری ئافرەت لە سیاسەتدا گۆڕانکارییان تێدا بکرێت». هێمای بۆ ئەوەش کرد کە لە ساڵی ١٩٩٥ لە کۆنگرەی پەکین جەخت لەسەر ئەوە کرایەوە بەشداری ئافرەت لە سیاسەت و بڕیاردروستکردن و بڕیارداندا زیاتر بکرێت، لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی وەك هیندستان و پاکستان و سریلانکا ئافرەتی سەرۆك وەزیرانیان هەبووە، کەچی لە زۆر وڵاتی عەرەبی ئافرەتان تەنانەت مافی دەنگدانیشیان نەبووە. سەبارەت بە ڕۆڵی ڕێکخراوەکانی تایبەت بە ئافرەتیش لە هەرێمی کوردستان گوتی: «بەداخەوە زۆربەی ئەو دەزگایانەی کە تایبەتن بەپرسی ئافرەتان کارێکی بەرچاویان بۆ پێگەیاندنی ئافرەت نەکردووە، نەشیانتوانیوە تاکی کۆمەڵگە وا رابهێنن کە زیاتر لە چەمکی ڕەگەزی، بایەخ بە چەمکی مرۆڤبوون بدەن».





گوڵان: کۆمەڵایەتی

# ئافرەتان دەیانەوێ بە عەقڵییەتی خۆیان گوزارشت لەکێشەکانیان بکەن

بەو پێیەی کۆمەڵگە لەئافرەت و پیاو پێکدێت، توێژینەوەکان و پسپۆڕانی بواری کۆمەڵناسی سەلماندوویانە ئەگەر ئافرەت لە سیاسەت و بەڕێوەبردنی کۆمەڵگەدا بەشدار نەبێت، ئەوا کۆمەڵگەیەکی ناتەندروست بەرهەم دێت، چونکە خوێندنەوەی ژن لە زۆر رووەوە لەگەڵ پیاو جیاوازە، بڕیارەکانی ئافرەت نەرمەو دوورە لە توند و تیژی نواندن، بۆ نموونە ئافرەت بەشێوەیەکی گشتی ئاشتیخوازەو رقی لەشەڕ و ئاژاوەنانەوەیە، سیاسەتکردن لای ئافرەت سیاسەتیکی رەق و وشک نییە، ئافرەت خەمی منداڵ و هاوسەر و برایەکەیەتی، نایەوێ هیچیان لەدەست بدات، لەئەنجامدا پەنا بۆ رێکەوتن و ئاشتی دەبات، جگە لەوەی یەکێک لە پێوەرە هەرە گرنگەکانی پێشکەوتن و دیموکراسی بەشداریکردنی ژنە لەبوارە جیاجیاکان و بەبێ بەشداریکردنی ژن دەوڵەتێکی دیموکراسی دروست نابێت و دادپەروەری کۆمەڵایەتی بێ مانا دەبێت، بۆیە ئافرەتان کار بۆ ئەوە دەکەن کە وەکو ئافرەت بیربکەنەوە و کاربکەن، نەک بە عەقڵییەتی پیاوانە، بەشداربووانی ئەم راپۆرتەش سەبارەت بە هەمان پرس راوسەرنجی خۆیان بۆ گوڵان دەخەنەڕوو.



لە دەستپێکی راپۆرتەکەدا د. ئەشواق جاف ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، دەڵێت: «پێویستە ئێمەی مرۆڤ رێڕەوی کارکردنمان بە ئاراستەی هەقدا ببەین، لەکوێ هەق هەبوو، لەکوێ بێمافیمان بینی، لەوێ دەنگهەڵبڕین، بێئەوەی بەرژەوەندی خۆمان بپارێزین، واتە بەبێ جیاوازی، لەگەڵ ماف و دادپەروەری هەنگاو بنێین».

د. ئەشواق نیگەرانی خۆی لە جیاوازییەکانی رەگەزی دەردەبڕێت و جەخت لەوە دەکاتەوە کە «لەنێو کایەی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووریدا ئافرەتی زۆر بەتوانامان هەیە، کەچی مافیان پێشێل دەکرێت.» وەك نموونەیەکیش گوتی: «بەداخەوە لە خولی رابردوو بۆ پۆستی ئەندامی کۆمسیۆنی باڵای مافی مرۆڤ دوو کەس کە ئافرەتێك و پیاوێك بوون، یەك رێژەی یەکسانیان لەدەنگدان هەبوو، بەڵام پۆستەکە بە پیاوەکە درا، گوایە پیاوەکە لەئافرەتەکە هێزی زیاتری هەیە، زۆریش هەوڵماندا، سەری نەگرت. بەداخەوە کۆمەڵگەی ئێمە هەمیشە پیاو پێش ئافرەت دەخات، لەهەمان کاتیشدا هەندێك ئافرەت هەن هاوشێوەی پیاوان بیردەکەنەوەو دەنگ بە ئافرەت نادەن و پشتگیری لەبۆچوونی پیاوەکان دەکەن، چونکە خۆیان بە پلە دوو دەبینن، بۆیە دژایەتی ئافرەتانی سەرکەوتوو دەکەن.» گوتیشی: «من ئەوەندەی لەلایەن ئافرەتەوە دژایەتی کراوم، هێندە پیاو دژایەتی نەکردووم، هۆکارەکەشی ئەوەیە کە ئەوان بە عەقڵییەتی ژنانەی خۆیان بیرناکەنەوە، بەڵکو وەکو پاشکۆی پیاو ئافرەت دەبینن، لەگەڵ ئەوەشدا ناکرێ گشتاندن بۆ هەموو ئافرەت و پیاوێك بکرێت، بەڵام لەناو پیاوان و لەناو ئافرەتانیش ئەوە هەیە کە حەز بە سەرکەوتنی ئافرەت بەسەر پیاوان ناکەن، نابێ ئەوەشمان لەبیر بچێت کە ئافرەت لە بەڕێکردنی کارەکانی هەمیشە لە پیاو وردتر بووە، بەتایبەت لەو کارانەی کە پەیوەستن بە منداڵ و ئافرەت و خێزان بەگشتی.»

حەسەن قەرەداخی بەڕێوەبەری قوتابخانەی شەهیدانی قرگە، رایوایە «بەدرێژایی چاخەکان هەمیشە ئافرەت زیاتر لەپیاو بڕوای بەئازادی و کرانەوەی زیاتر بووە. هەمیشە ئاشتیخوازترو ژیاندۆستترو هەستیارتر بووە، هەر ئەوەش وایکردووە هەمیشە پیاوان شێتگیرانە عاشقی ژنان بن، چونکە لەڕاستیدا سروشتی ئافرەت لەچاو شەڕەنگێزی پیاو فریشتەیەکی راستەقینەیە، ئەگەر لەڕووی رەنگ و شێوەی جلوبەرگیشەوە سەیر بکەین، جلی ژنان رەنگاوڕەنگ و پڕژیانە، دەنگی ئافرەت ناسك و مۆسیقیدار و سروشتییە، سەرباری داگیرکاری کەلتووری ئایینی و خێڵایەتی هەزاران ساڵە، ژنان لەچاو پیاواندا عاقڵتر لەژیان دەڕوانن و ئاشتیخوازترو ژیاندۆستترن. لەکۆمەڵگەی خۆشماندا ژنان هەمیشە کوژراون، نەك بکوژ، ئازادی لێزەوتکراون، نەك ئازادی زەوتکەر کەواتە هەر بەشێوەی مۆدێلی جلوبەرگیش بێ، ژنان زۆر پێش پیاوانن لە مەدەنییەتدا، ژنانی کورد لەگەشەکردنێکی بەردەوامدان بەرەو ئاشتکردنەوەی هەمووان لەگەڵ ژیاندا.

شەهلا ساڵح وەك توێژەرێك ئاماژە بەوە دەکات کە «جیاوازیی ژن و پیاو لە رووی کۆمەڵایەتی و سروشتەوە لەکات و شوێنی جیاوازەوە راڤەو رامانی جۆراوجۆری لەسەر کراوە.» گوتیشی: «لە هەرێمی کوردستاندا کە باسی مافی ژنان دەکرێت، وا دەکەوێتە بەر زەینمان کە ئەم کارە زەبرێك لە رەگەزی پیاو دەدات، بەڵام بەپێچەوانەوە داواکردنی گەڕاندنەوەی مافە زەوتکراوەکانی ژنان نەك نابێتە هۆی لەقکردنی پێگەو بەهای پیاو لە کۆمەڵگەدا، بەڵکو کۆمەڵگەیەکی تەندروست و پێشکەوتوو بەرهەم دەهێنێت. بەڵام ئەم ململانێیە وای کردووە تاکەکان بە هەردوو رەگەزیانەوە تووشی جۆرێك لە چەوساندنەوە ببن کە بەخاوەنبوونی رەگەزێك لە لایەن رەگەزەکەی تری لێبکەوێتەوە، بەڵام پشتبەستنی ژن بە عەقڵی پیاو پێش ئەوەی بابەتێکی رەگەزپەرستی بێت، بابەتێکی مرۆڤایەتییە، تاکەکان دەبێت سوود لەعەقڵ و ئەزموونی جیاوازی یەکتری وەرگرن، بەڵام تا ئەو جێگایەی کە کەس بە پلە دوو هەژمار

نەکرێت. واتە جیاوازییە سروشتییەکانی ژن و پیاو نابێت ببێتە هۆی ژێردەستەیی و مافخواردن، بەڵکو ژن دەبێت بە عەقڵییەتێکی ژنانەوە بیربکاتەوەو کاربکات، چونکە سروشت لەخۆڕا دوو رەگەزی دروست نەکردووە، گەر مەبەستی ئەوە نەبووبێ کە پێمان بڵێت ژیان و پێشکەوتنی شارستانییەت تەنیا بەبوونی رەگەزێك بەردەوامی نابێت. بەڵام ئەمەش تاوان نییە کە ژن و پیاو بەیەکەوە کاربکەن و سوود لە عەقڵی یەکتر وەربگرن و پرس و راوێژ بەیەکتر بکەن. هەرچەندە کێشە لەم پرسەدا بەرەمزی بوونی ژنانە لەناوەند و دەزگاکاندا، ژن بوونێکی راستەقینە و عەقڵییەتێکی ژنانەی نەبێت و بە بیرکردنەوەیەکی ژنانەوە کارنەکات. ئەمە هەم زەرەر لە کۆمەڵگەو هەم لە پرۆسەی هاوبەشی هەردوو رەگەز و بەرەوپێشچوونی ژیان دەکات. لە وڵاتە دواکەوتووەکاندا زۆربەی ژنەکان بەهۆی ئەوەی کە بە رێگایەکی شایستەوە پێگەو پلەوپایەکان وەرناگرن، ئەوا پلەی شیاویەتی ئەوان جێگای گومانە، چونکە بەداخەوە زۆ جار ئەکادیمی بوون و لێهاتوویی ژنان لەچاو پێوەری نزیکی لە دەسەڵات و باری دارایی و پلەبەندی خزمایەتی و حزبیی بەهای نییە، ئەمە یەکێکە لە زەبرە کوشندەکان کە لە گرینگی و بایەخی ژن کەم دەکاتەوە، چونکە لەبەرچاوی کۆمەڵگە بە لاوازو کەم توانا دەردەکەوێت. ژن، بوونێکی جوان و میهرەبانەی هەیەو خاوەن تێڕوانین و بیرکردنەوەی جیاوازەو توانایەکی بەهێزی هەیە، بەگەڕخستنی ئەم جیاوازییە خزمەت بە هەموان دەکات، ئیتر پێویست ناکات بە عەقڵییەتێکی پیاوسالارانەوە لەجەستەیەکی ژنانەوە کاربکات و خۆی بکات بە پاشکۆ. لەکاتێکدا توانای ئەوەی هەبێت کە وەك خۆی (ژن) بژێت، چ وەك تەنیا تاکێکی سەربەخۆ، یان بەهاوبەشی لەگەڵ پیاو.

نەسرین حەسەن، بەڕێوەبەری وێبسایتی یەکێتی ئافرەتانی کوردستان، سەبارەت بە هەمان پرس بەمجۆرە رای خۆی دەردەبڕێت: «سەرەتا دەمەوێت بەو پرسیارە دەست پێبکەم، کە بۆچی ئافرەت لە هەندێ کۆمەڵگەدا ناتوانێت لەبڕیاردان، یان لە راپەڕاندنی کارەکاندا پشت بە خۆی ببەستێت؟ وەك خاڵی یەکەم بۆ ئەو بابەتە، ئەوەیە کە چەمکی ئافرەتبوون لە هەرکۆمەڵگەیەکدا تێڕوانین و مانای تایبەت و جیاوازی هەیە، ئەویش دەگەڕێتەوە بۆ تێڕوانینی کۆمەڵگە کە چۆن سەیری ئافرەت دەکات، واتە لەهەر کۆمەڵگەیەك بیروبۆچوون و فەرهەنگە جیاوازەکان کاریگەرییان لەسەر تێڕوانینی مرۆڤ هەیە. بۆ نموونە لەکۆمەڵگەی پیاوسالاردا تاکی کۆمەڵگە لەژێر فەرهەنگێکدا پەروەردە دەکرێت کە ئافرەت بوونەوەرەێکی جیایە لەپیاوو بە دڵنیاییەوە بەربەستێکی زۆریشی لە تێپەڕاندنی کارەکانیدا بۆ دروست دەبێت، ئەو بۆچوونەش کاریگەری لە سەر هەموو لایەنەکانی ژیانی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی ئافرەت دەبێت، کەواتا فەرهەنگ و چۆنیەتی بیرکردنەوەی کۆمەڵگە دەبنە هۆکارێك لە بەردەم بڕیاردانی ئافرەت لە تێپەڕاندنی کارەکاندا، بۆیە کاتێك باس لە عەقڵییەتی ئافرەت و پیاو دەکرێت، راستە هیچ جیاوازییەك لە توانای عەقڵیی ئافرەت و پیاودا نییەو هەردووکیان وەکو یەك لەدایك دەبن، ئەوە فەرهەنگ و کەلتووری کۆمەڵگەیە کە پەروەردەکردنی تاکەکان بە ئاراستەیەکی باش و خراپدا دەبات، یان چۆن بڕیار لە سەر توانا و لێهاتوویی تاکەکان دەدات. هەر بۆیە لەکۆمەڵگەی ئێمەدا کە تاوەکو ئێستاش دەسەڵات، دەسەڵاتێکی پیاوسالارییە، ئەوە بۆتە ئامرازێك بۆ قۆرخکردنی دەسەڵات لەلایەن پیاوانەوە لەخاڵی بڕیاردان و ئەوەش رۆڵی سلبی هەیە لە بەرەوپێشچوونی ئافرەت لە کایەکانی ژیاندا. خاڵی دووەم دەگەڕێتەوە بۆ خودی ئافرەت کە نەیتوانیوە ئەو بڕواو متمانەیە لای خۆی دروست بکات، بۆ ئەوەی پشت بە هێز و توانا و لێهاتوویی خۆی ببەستێت، کەواتە دنیای ئافرەت بەپێی قۆناغەکانی ژیان و کارلێکردنی کۆمەڵگە بەسەر بیرو بۆچوون و عەقڵییەتیدا گۆڕانکاری بەسەردا دێت، بە دڵنیاییەوە ئەو ئافرەتانەی لە ژیاندا سەرکەوتنیان بەدەست هێناوە، ئەو ئافرەتانەن کە پشتیان بە هێز و تواناو و لێهاتوویی خۆیان بەستووەو بەئیرادەیەکی بەرزەوە رووبەڕووی هەموو ئەو بەربەستانە بوونەتەوە کە رێگری لە بەرەوپێشچوونیان کردووە.

د.ئازاد عوسمان، مامۆستایە لە کۆلێجی یاساو زانستە سیاسییەکان و رایوایە: «مرۆڤ، پیاو بێت، یان ژن، وا چاکە بە دیدێکی مرۆڤپەروەرانە سەیری کەسەکان و دۆزەکان بکات. هەروەها لە هەڵسەنگاندنی تاکی کۆمەڵگە پێویستە تەنیا پێوەرە دروستەکانی کردارو رەفتارو توانا فکرییەکان لەبەرچاو بگیرێت.» سەبارەت بە پرسەکانی ئافرەتانیش کە پەیوەستن بە ماف و بەرژەوەندی ئەوانەوە، گوتی: «ئافرەت وەك هەر خاوەن پرسێکی تایبەت بەخۆی لەپێشترە بۆ لێدوان و دەربڕینی نیازەکان و لە بڕیاردان لەسەر رێکارو شێوازی کۆشش و پلاندانان و کارکردن لە پێناوی دەستەبەرکردنی ئامانجە رەواکان.»

**ئەو ئافرەتانەی لە ژیاندا سەرکەوتنیان بەدەست هێناوە، ئەو ئافرەتانەن کە پشتیان بە هێز و تواناو و لێهاتوویی خۆیان بەستووەو بەئیرادەیەکی بەرزەوە رووبەڕووی هەموو ئەو بەربەستانە بوونەتەوە کە رێگری لە بەرەوپێشچوونیان کردووە**

**ژن، بوونێکی جوان و میهرەبانەی هەیەو خاوەن تێڕوانین و بیرکردنەوەی جیاوازەو توانایەکی بەهێزی هەیە، بەگەڕخستنی ئەم جیاوازییە خزمەت بە هەموان دەکات**

**بەداخەوە زۆ جار ئەکادیمی بوون و لێهاتوویی ژنان لەچاو پێوەری نزیکی لە دەسەڵات و باری دارایی و پلەبەندی خزمایەتی و حزبیی بەهای نییە**

**جیاوازییە سروشتییەکانی ژن و پیاو نابێت ببێتە هۆی ژێردەستەیی و مافخواردن، بەڵکو ژن دەبێت بە عەقڵییەتێکی ژنانەوە بیربکاتەوەو کاربکات**